سەرۆک وەزیران پێشوازی لە وەزیری وزە و سامانە سروشتییەکانی تورکیا دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ئەمە چوارشەممە ، پێشوازی کرد لە وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا ئەلپ ئەرسلان بیرقەدار و شاندی یاوەری.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردووە"لە دیدارەکەدا پێیوەندییەکانی هاریکاری نێوان عێراق و تورکیا لە بواری وزە و ڕێگاکانی پەرەپێدانیان تاوتوێ کرا، هەروەها گفتوگۆ لەسەر هەوڵەکانی هەردوو وڵات کرا بۆ دەستپێکردنەوەی کارەکانی کەبوونەوەکانی لیژنەی ئابووری هاوبەش لە خوولی 19هەمیندا و بڕدەوامبوون لە کارکردن لەسەر دەسیەی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە ڕێگەی بەندەری جیهانی تورکییەوە"

هەر لە دیدارەکەدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئامادەیی حکومەتی ڕوونکردەوە بۆ دەزینەوەی چارەسەرێک بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت و جەختی لێوە کردەوە کە عێراق پشتی بە چارەسەری دادپەروەرانەی بەستووە لە چوارچێوەی دەستووردا لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە جەراوجەرەکانی وڵاتانی دراوسێدا.

سودانی ئاماژەی بە دەسپێی ئاو و پشکی ئاوی عێراق و ئاماژەی باشتر بەکارهێنانی ئاوی کرد بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵدا و جەختی لە خواستی عێراق کردەوە بە هەماهەنگی کردنی زیاتری تورکیا لەم دەسپێدا، کە بەهۆی کاریگەرییە ئابووری و مرۆییەکانیەوە گرنگییەکی زۆری لەلایەن حکومەتەوە پێدەدرێت.

هەروەها سودانی ئاماژەی بەو پێژە ستراتیژییە گرنگە کرد کە هەردوو وڵات کاری لەسەر دەکەن، و لە ڕێگای گەشەپێدانەوە نوێنرایەتی دەکرێت و ئەو گەشەکردنە بەردەوامەی کە لە کەرتە ئابوورییەکاندا بەدەستی دەهێنێت.

هەر لە دیدارەکەدا تاوتوێی هەڵوێستی هەردوو وڵات کرا سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئێستای غەزە و نزیکبوونەوەی تێوانینەکان سەبارەت بە پرسی فەڵەستین و لەم بارەیەوە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵوێستی ڕوونی تورکیای بەرز نرخاند لەبارەی هەرشە ئیدانەکراوەکان بە سەر گەلی فەڵەستین لە کەرتی غەزە.

لە لایەکی خێیەوە وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا سەاوی سەرۆکی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و خواستی وڵاتەکەی بە هەماهەنگی زیاتر لە بوارە جەراوجەرەکاندا گەیاند سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئاماژەی بە بایەخی ڕوون و وردی سەرۆکی تورکیا کرد لە پێژەی ڕێگای گەشەپێدان و جەختی لێوە کردەوە کە عێراق وڵاتێکی گرنگە نەک تەنها بە تورکیا بەڵکو بە وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی لە بواری وزە و ئەو دەرفەتە ئومێدبەخشانەی وەبەرهێنان کە لە بازاڕی جیهانی غازدا هەیەتی.